

وەرزش
یەکشەممە 2010/8/29
ژمارە 293

# وەرزشوانان ناڕەزایی بەرامبەر بەو قەڵەمانە دەردەبڕن کە ئایندەی وەرزشیمان لەکەدار دەکەن

**ڕاپۆرت خەباتی وەرزش:**

هەموومان دەبێ ئەو ڕاستییە لەبەر چاو بگرین کە کاری ڕۆژنامەنووسی یەکێکە لەو پیشە گرنگ و بەرچاوانەی کە دەبێ ئەخلاقیەتی ئەو پیشەیە لەبەر چاو بگرین و بەشێوەیەک ڕێز لە قەڵەمەکانمان بگرین، بە پێچەوانەی ئەوانەی تەنیا بەدوای تیروتوانج و ڕەخنەی بێ بنەمان و هەمیشە قەڵەمەکانیان بە خراپە بەکار دێنن وەک ئەو کەسەی ناسنامەی ڕۆژنامەنووسی بۆ خۆی هەڵگرتووە و بە ناڕەوا و بێ بەڵگەیەکی ڕاست و دروست لە نووسینێکیدا هێرشی ناڕەوای کردۆتە سەر ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی و دوور لە عورف و ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەنووسی چەند وشەیەکی نارێک و بێ بنەمای ڕیزکردووە، هەر لەو ڕوانگەوەش زۆرێک لە وەرزشوانان بەوپەڕی نیگەرانییەوە ئەو جۆرە نووسینە بە ناڕەوا لە قەڵەم دەدەن و هەریەکەیان لەلای خۆیەوە بەم شێوەیەی خوارەوە ناڕەزایی خۆی لە بارەوە دەردەبڕێت:

سەرەتا عەبدولخالق مەسعود ئەمینداری دارایی لە یەکێتی تۆپی پێی ئێراق دەڵێ: بەڕاستی جێگای داخە ڕۆژنامەنووسانی خۆمان بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ پەیڤی وەرزشی دەکەن و کاری پیرۆزی ڕۆژنامەنووسی ناشیرین دەکەن، بۆیە ئێمە ناڕەزایی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بەو نووسینەی کە بەرامبەر ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی نووسراوە، چونکە نووسینەکە نادادپەروەرییەکی زۆری تێدایە، هەقوابوو ئەو کەسەی کە خۆی بە ڕۆژنامەنووس دەزانێت چەند وشەیەکیشی سەبارەت بەو کارو چالاکییانە بخستایە ڕوو کە بە هاوکاری و پاڵپشتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە کوردستان و ئێراق ئەنجامدراوە، نەک هەڵبستێ ڕەخنەی بێ



عەبدولخالق مسعود



سەفین کانەبی



تاهیر سابیر



مەحمود عەزیز

بنەما بنووسێ کە پێموایە هیچ کەسێک باوەڕی پێی نییە و هیچ کاتێکیش خزمەت بە بزاڤی وەرزشیمان ناکات، بەڵکو تەنیا دڵی ناحەزانی پێ خۆش دەبێت. لەلایەکی دیکەوە سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان سەبارەت بەوپرسە دەڵێ: سەرەتا دەمەوێ بەو پەندە کوردییە دەست پێ بکەم کە دەڵێ بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ، کەواتە هەموو ئەو کارو چالاکییانەی کە لەسەر دەستی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی هاتوونە بەرهەم بە هیچ کەسێک لەکەدار ناکرێت، بە تایبەتیش کەسانی دوور لە بزاڤی ئەمڕۆی وەرزشی ناتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو جۆرە کارانە بکەن، چونکە هەموو لایەکمان دەزانین تەواوی کاروچالاکییەکانی وەرزشی کوردستان بە یەکێتی تۆپی پێشەوە لەلایەن خودی نێچیرڤان بارزانییەوە هاوکاری و پشتگیری تەواوکراوە بە هەردوو شێوەی ماددی و مەعنەوی، دیارە ئەو پێشکەوتنەی کە لە ئەنجامی ئەوەوە هاتۆتەدی.

هەر سەبارەت بە ناڕەزایی وەرزشوانان مەحمود عەزیز سکرتێری یانەی وەرزشی هەولێر دەڵێ: مخابن بۆ ئەو کەسانەی کە لە ئەلف و بێی کاری ڕۆژنامەنووسی ناگەن و قەڵەمەکانیان بە خراپی لەو نێوەندەدا بەکاردێنن، لە کاتێکدا ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد ئەوەیان لە بری ئەو بێ ڕێزییە، ستایشی کاروچالاکییەکانی بکردایە، ئەو کاروچالاکی و پڕۆژە وەرزشییانەی کە بە هاریکاری و پشتگیری ڕاستەوخۆی ڕێزدار نێچیرڤان باریزانی بەدەست هاتوون، بەڵام من تەنیا هێندە دەڵێم ئەگەر دار کرمی لە خۆی نەبێت تەمەنی هەزار ساڵە، ئێمەش بەدەستی خومان کارو پڕۆژە وەرزشییە بەرچاوەکانمان ناشیرین دەکەین، بەڕاستی هەقوایە ئەو جۆرە قەڵەمانە شەرم بیانگرێ کاتێک پەنا بۆ نووسینی لەو شێوەیە دەبەن، ئەو جۆرە نووسینانەش هیچ کاتێک خزمەت بە ئایندەی ئێمەی وەرزشوانانی کورد ناکات.

دیسان تاهیر سابیر خۆشناو بەرپرسی نووسینگەی وەرزشوانانی سەر بە لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ: ئەو قەڵەمەی دەربارەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی نووسیبووی زۆر دوور بوو لە ڕاستی، چونکە هەموو وەرزشوانێکی کۆن و نوێ ئەو ڕاستییە باش دەزانن کە بەڕێزیان ڕۆڵێکی باڵا و سەرەکی هەبووە لە گەشەسەندنی وەرزشی کوردستان هەر لە دروستکردنی یاریگە و هۆڵی داخراو و هاوکاریکردنی وەرزشوانان و پێدانی مووچەی وەرزشوانە دێرینەکان و چەندین دەستکەوتی وەرزشی دیکە کە لە سەردەمی کابینەی پێنجەم بەدەست هاتن، بۆیە ئەوەیان گوناهێکی گەورەیە کە ئەو مێژووە پڕ لە سەروەرییە بەو شێوەیە لەکەدار بکرێ، هەقوایە ئەو جۆرە قەڵەمانە بەخۆیاندا بچنەوە و لە جیاتی هێرشکردنەسەر کەسایەتییەکان، کاری سەرەکی خۆیان بکەن باشترە.

هەر بۆ ئەو قەڵەمانەی کە ئایندەی وەرزشیمان لەکەدار دەکەن پارێزەر "زوبێر حاجی سەعدی" دەڵێ: جێگای داخە کە ڕۆژنامەنووسان ویژدانی خۆیان ناکەنە پێوەر بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکان، تا لەو سۆنگەوە بتوانن ڕێز لە قەڵەمەکانیان بگرن و بەناڕەوا هێرش نەکەن، وەک دەبینین هەر لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئاداری ساڵی 1991 ەوە پیادە دەکرێت تا گەیشتە ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر دیارترین و کاریگەرترین مرۆڤی خەمخۆر بنووسرێ کە هەموو کاروکردەوەکانی خزمەتکردن بووە بە سەرجەم بوارەکان، بەتایبەتیش بواری وەرزشی، ڕاستە هەموو ئەو قسە و هێرشانە بای تۆزقاڵێک لە مەزنی ئەو مرۆڤە کەم ناکاتەوە، بەڵام هەموو ڕاستییەکان چەواشە دەکات و ڕووی چەوت و خراپی ئەو بزاڤە پێشانی نەیاران دەدات کە ئەوەشیان دیارە بە زەرەر و زیانی هەموومان تەواو دەبێت، بۆیە هەقوایە خودی ڕۆژنامەنووسان خۆیان پێوەرێک بۆ کارەکانیان دابنێن و بەوپەڕی مەسئولییەتەوە مامەڵە لەگەڵ قەڵەمەکانیان بکەن و حاڵەتە جوان و شارستانییەکانیش وەکو خۆی بەرچاو بخەن.

## بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ

**موخلیس فاروق نانەکەلی:**

هەروەک ئاگادارین لەو ماوەیەی ڕابردوو قەڵەمێکی نەزۆک بەناوی هیوا مەلا قادر دوور لە عورف و عاداتی کاری ڕۆژنامەوانی هێرشێکی ناڕەوای کردۆتەسەر ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی و زۆر وشەی نارێک و ناشیرینی بەرامبەر بەکارهێناوە کە مرۆڤ شەرم دەیگرێ لێرەدا باسی لێوەبکات، لەکاتێکدا ئەو مرۆڤە ماندوونەناسە لە هەموو کات و سەردەمێکدا و لە هەموو بوارەکاندا خزمەتی زۆری پێشکەش کردووە، بە تایبەتیش لە بواری وەرزشەوە، چونکە دەزانێ وەرزش ناسنامەیەکی گرنگ و بەرچاوە بۆ ناساندنی وەرزشی کوردستان بە دنیای دەرەوە، بۆیە هەموو قەڵەمە وەرزشییەکان پێویستە لەسەریان ستایشی ئەو ڕۆڵە بەرچاوە بکەن نەک داخ لە دڵانە تانە و تەشەری ناڕەوای لێ بدەن، ئەگەرچی مەزنە مرۆڤێکی وەک ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بەو نووسینانە گەورەتر دەبێت، چونکە هەموو کاروچالاکییە بەرچاوەکانی گەواهیی ئەو ڕاستییەی بۆ دەدەن، چونکە بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ، ئەوانەی ئەو کارە گێرەشێوێنە دەکەن تەنیا سووکی و ڕیسواییان بۆ دەمێنێتەوە، چونکە ئەوکارەشیان بە فیتی ئەموئەو کردووە، بە تایبەتی ئەوانەی وەکو ڕێزدار نێچیرڤان بارزانییان پێ ناکرێت، پاشان هاوکاریکردنی یاریگەی شەعبی بەغدا کارێکی لەبارو شایستەیە و ئەوپەڕی کراوەیی و دڵگەورەیی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی دەگەیەنێت و هەقە قەڵەمە وەرزشییەکان بە بەرزییەوە سەیری ئەو هەوڵە جوامێرانە بکەن نەک بەو ناڕەواییە تانە و تەشەری لێ بدەن و دڵی ناحەزانی پێ خۆش بکەن.

## سەرۆکی یەکێتیی تۆپی باڵەی ئێراق: یەک شوێنی مەشقمان لە عێراقدا نییە

سەرۆکی یەکێتیی تۆپی باڵەی عێراق ئەوەی بۆ خەباتی وەرزش ئاشکرا کرد، کە لە ئێراقدا یەک شوێنی مەشق بۆ یاریزانانی هەڵبژاردەی تۆپی باڵە نییە، بۆیە ئێستا بە ناچاری ئەو یاریزانانە و هەڵبژاردەکە لە وڵاتی بەحرەین مەشق و ئامادەکارییەکان دەکەن. د.موئەییەد مەغدید، سەرۆکی یەکێتیی تۆپی باڵەی ئێراق و سەرۆکی یەکیەتیی تۆپی باڵەی ڕۆژئاوای ئاسیا، خستییە ڕوو: ئێمە لە ئێراقدا یەک جێگەمان نییە بۆ مەشقکردن، بە تایبەت لە بەغدای پایتەخت، بۆیە ئێستا ناچارین ئەو هەڵبژاردەیە بنێرینە وڵاتی بەحرەین و لەوێ مەشق دەکەن. موئەییەد مەغدید ئەوەیشی باس کرد، کە بە پێی دەرفەت ئەو هەڵبژاردەیە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانیش مەشق ئەنجام دەدەن.

## 10 یاریگەی بچووکی فریزی دەستکرد لە هەولێر و دەوروبەری دروست دەکرێت

**هەڵۆ کەرکووکی - هەولێر**

دوای ئەوەی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، بڕیاری دروستکردنی 5 یاریگەی گەورە لەسەر بوودجەی دیاریکراوی پەرلەمانی کوردستان بۆ وەرزش درا، ئێستا لەسەر هەمان بوودجە 10 یاریگەی دیکە، بەڵام قەبارە بچووکی فریزی دەستکرد، لە نێو شاری هەولێر و قەزا و ناحیەکانی دەوروبەریدا دروست دەکرێن. بەڕێوەبەری بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێری سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان تاهیر خۆشناو، بۆ ڕۆژنامەی خەبات ئەوەی ڕاگەیاند، کە لەسەر پێشنیازی ئەوان، 10 یاریگەی بچووکی فریزی دەستکرد، لە نێو شاری هەولێر و قەزا و ناحیەکانی دەوروبەریدا دروست دەکرێن، هاوکات جێگەی تایبەتیش بۆ ئەو یاریگەیانە دابین کراوە. جێی سەرنجە، ئێستا زیاتر لە 50 یاریگەی بچووک لە نێو شاری هەولێردا هەن و لاوانی ئەو شارە، لە کاتژمێر 5ی ئێوارەوە تا کاتژمێر 11ی شەو یاری تێدا دەکەن.